كۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی
زنجیرەی شیعر (١٩)

دیوانی بنەوشەكان

عبدالرزاق بیمار

کۆماری عێراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی شیعر (١٩٠)

دیوانی بنەوشەکان

عبدالرزاق بیمار

بەغدا ——— ١٩٨١

ئەم کۆمەڵە هەڵبەستە

★ هەڵبژاردەیەکی سەربەری بەرهەمی شیعرەکانمە کە لە ماوەو کات‌و شـــوێنی جیاجیادا دانراون‌و هیچیان هی ئەمڕۆ نین بۆیە دوور نی‌یە هەر بە چاوی کەلەپوور ســـــەیریان بکەم‌و چاپ‌و بڵاوکردنەوەشیان ئەوەندە دڵم خۆش‌نەکات وەکـــو ئەوەی یەکێك نۆبەرەیەکی خۆی ببینێ بەڵکو هەر بەو شێوەیە کە بەرهەمێکن‌و بە کوردی نووســـــراون ، ئەگەر لە رووی هونەریشـــــەوە نرخ‌و تامێکیان پێوە بێ ئەوە خوێندەواران دەیزانن‌و یەخەی ئەوان دەگرێتەوە .

★ شتێك کـــە لـــە گوڵی خۆی نەیەتە بازاڕەوە لەوانەیە بازاری سارد بێ‌و ئەوەندە سەرنجی دڵدارانی خۆی رانەکێشێت ، وا ئەم کۆمەڵەیەش کە دێتە بازاڕی ئەدەبەوە ، لەوە دڵنیـــام شیعرەکان ئەوەندە سەرسەخت‌و کەللەرەقن بێ‌ناز ناکەون ، یان هەر هیچ نەبێ خۆیان بەبێ‌ناز نازانن . با ئـــەم جـــارەش وەکو دۆڕاندن‌و لێ‌رووخانی هەل‌و دەرفەتەکانی تری چاپ‌و بڵاوکردنەوەیان بێت لە ماوەی ٢٠ ، ٣٠ ســـاڵدا . با بزانین چۆن دەبێت ؟

بیمار

بەغدا – ١٩٨٠/٣/١١

کاکەی بیمار !

ئەم کۆمەڵە شیعرە ، بە لای منەوە ، وەك چەپکە گوڵێکی ژاکاو سکاڵایان لە دەم و رووومەت ئەبارێ ، لە دارشتن و کێش و ئاهەنگا ، جۆرە بەهرەیەکیان تیادا بەدی ئەکرێ .. بەڵام وەك دەرئەکەوێت دادو بێداد لە دەست دیلی و زیندان ئەکەن ، هەوارگەیان تەنگەبەرە ، ئاوو هەوای هەڵمژینیان پڕ تەپوتۆزە ، بێ ئاوییان پێوە دیارە ، ئەڵێی بێ پرسینەوەو بێ چاودێری بوون . کاکە وا دیارە تۆ حەپست کردوون ، لە تاریکیدا فڕێت داون . جا ئەمە بە ئۆباڵ کێدا ئەدەی ، ئارەزووی خۆتە ، بەڵام رەنگ و بۆی هۆنراوەکانی زۆر ئاڵۆزاندووە .. گەشی‌ی لەبەربڕیون !

جا ، من لە مەڵبەندی ئەپوڵۆوە گوڵبەندی هۆنراو ئەبەستم و هێز ئەنێمە بەرخۆ ، داوای بەرەڵلاکردنی ئەم داماوانە ئەکەم ! وە زۆر بە تاسەو کوڵەوە تکاتان لێ ئەکەم ، لەم دەستبەسەری‌یە پڕ زۆرداری‌یە ، بە هەرچی چۆنێ بێ .. رزگاریان کەی ، بەشکم لە پەل و پۆی سەرهەڵداوی دوارۆژی بەهرەتانەوە تۆڵەی « دیوانی جوانەمەرگی رەنگینتان » بکەنەوە ، ئیتر چاومان چاوەڕێ‌ی بەهرەی هونەرتانەو ..

هەر بژین بۆ ..

براتان

ئیحسان فوئاد

١٩٧١-٩-٢٣

له نامه‌یه‌كدا ...

- له‌سه‌ر ئاره‌زووی پڕ له تاسه‌ی خۆم‌و خواستی خۆت گه‌شت‌و گوزارێكیووردو له‌سه‌رخۆو تێنووم كرد به باخچه دڵگیرو ره‌نگینه‌كه‌تا ، به‌ڕاستی‌و دوور له هه‌موو رواڵه‌ت‌و قسه‌یه‌كی سه‌رزاره‌كی‌و خاترانه ، له رووی بیرو چۆنیتی ده‌ست‌پێ‌كردن‌و بابه‌ت‌و درێژه‌پێدان‌و ده‌ربڕین‌و كۆتایی پێ‌هێنانی هه‌ڵبه‌سته‌كانا به‌هره‌و سه‌لیقه‌ی هونه‌رمه‌ندانه‌یان تیا به‌خت‌كراوه ، ئه‌و بابه‌ته واقعی‌یانه‌ی كه سرنجی ئێوه‌یان راكێشاوه شایانی ئه‌وه‌ن كه له‌سه‌ر هه‌ر كۆمه‌ڵێك له‌و هه‌ڵبه‌ستانه ، یان بگره له‌سه‌ر هه‌ر یه‌كێك له‌وانه ، پیاو چه‌ن تێبینی‌و سه‌رنجێكی پێویست ده‌ربڕێت ، نه‌ك به‌م كورت‌و كوێری‌یه‌و به شێوه‌یه‌كی گشتی له چه‌ن دێڕێكی نامه‌یه‌كدا هه‌ڵس‌و كه‌وتێك بكه‌ین .

- خوێندنه‌وه‌و تێگه‌یشتنی بیرو مه‌به‌ستی هه‌ڵبه‌سته‌كان ئه‌وه زۆر باش ئه‌سه‌لمێنێ كه به تواناوه رێچكه‌و رێبازی قوتابخانه‌ی واقعیت گرتووه له دانانی هه‌ڵبه‌ستا ، واقعیه‌تی نوێ‌ی به‌ره‌و ئیشتراكیه‌ت ، ئه‌و قوتابخانه نوێ‌یه‌ی كه ماموستا (گۆران) به‌ردی بناغه‌ی داناوه‌و چه‌ن چینێكی به‌رزیشی له‌سه‌ر هه‌ڵبه‌ستووه .

- وێنه‌گرتنی ئه‌و دیمه‌نه سامناك‌و سه‌مه‌رانه‌ی كه زمانی هه‌ڵبه‌ستی ئێوه‌یان پژاندووه له ژیانی سیاسی‌و كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ده‌روونی ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ی ئێمه‌دا ، له‌گه‌ڵ پێ‌داگرتن له كاروباری بیروباوه‌ڕێكی تایبه‌تی ئاودار به گیانی پێشكه‌وتن‌و

مرۆڤایەتی ، بەو سامانی گەنجینەی ووشـەی جوان جوانی پڕ لە مۆسیقای کوردی پەتی (کە بە ڕاستی دیوانەکـە لـەم رووەوە ئێجگار بریقەدارو بە وورشـەیە) .. شتێکی زۆر بە نرخ و پیرۆزە .

براتان

کاکەی فەللاح

١٩٦٩-٨-٢٧

لـه .. مـهمـهوه

چەند رۆژێك لەمەوبەر گۆڤاری (بەیان)م چەنگ کەوت ، کە شیعرەکەتم خوێندەوە « ئەسپی والی » خۆم پێ نەگیرا ، هەتا بـۆ جاری دووەم و سێیەمیش خوێندمەوە .. خوێندنەوەی بردمیـە عالەمێك کە عالەمی منە - بەراستی - ، لەبەرئەوە بەبێ دەسـتی خۆم بڕیارمدا کە ئەم چەند دێڕەت بۆ بنووسم لە بریتی پیرۆزبایی ، ئەگەرچی ناتوانم بە هۆیانەوە ئەوەی لـە هەسـتو دەروونمە دەری بڕم . وە ئەم هەموو (انفعالاتە)ی شیعرەکە بۆی پەیداکردم لە چوارچیوەی ئەم دێڕانەدا بیخەمەروو !

تەنها ئەوەی زۆر دڵی خۆش کردم ، بڕوایێك بوو کە تۆ لـە مەیـدانی خۆت سستی نانوێنیو دواناکەویت ، نەك دواناکـەویت بەشکەم ناوەستیو بۆ پێشەوەش ئەچیت . ئەم شـیعرەت ئەم بڕوایی‌یەمی پتەوکردو چەسپاندیو پتر روونی‌کردەوە لەبـەر ئەوە حەقی ئەوەم دایە خۆم کە بەم جۆرە پیرۆزباییت لێ‌بکەمو هێشتا شتی ئا لەم بابەتەت لێ چاوەنوار بکەم ، چونکە ئەمە پێویسـتی سەر شانمانە کە لەو مەیدانەدا تەکان بدەینو لـە ریزەکانی بـاری بەربەرەکانیو مل‌مـلانێ خەبات بکەین بـە هیـوای گۆڕینی بـاری ئەدەبەکەمانو هێنانەوەی بۆ سـەر رێگا راستەقینەکەی خۆی .. لە بریتی پاڵەپەستانێو کەڵەکەکردن ، بۆ ئەوەی پێمان لە جێگایێك گیربکەین لەبەر دەرگای (تەویلەکە !!) .

زۆرم پێ سەیرە کە (انســـــجە)ی لووتمان ئاڵوزبووە ،
جیـــاوازی نەکەین لە ناوێن بۆنی تەرس و گەنیو بۆنی گوڵ .. و
ڕۆژ و ژیانی راست ؟!

هەرچۆنێ بێ دڵنیام : ڕۆژانو زەبروزەنگیان لووتمان راست
ئەکەنەوە .

محمد مولود – مەم

هەولێر ٢٤-١٢-١٩٦٩

بۆ : ئافرەتان

تا ووشە هەڵئەگرێ : رۆژباش
تا دێر ئەگرێ ووشەی رەنگین
ئەیکەم بە بەند ، بە هۆنراوە
پێش کەشت بێ هەزار رۆژباش
ئەیپەری ، ئەی ئافرەتی باش
ئەی مەردی ژین !

★

ئەم ژیانەم لا تەواوە
کە لێمانی پیرۆز ئەکەیت
بە دڵداریو لاوانەوە ،
بە زەبەندیو سۆزی فرەت
ئەی فرشتەی پاك ، ئەی ئافرەت !

★

ئەی گوڵزاری گوڵ لە وێنەی
ئەستێرەی گەش ،
ئەی دڵی گەرم ، ئەی چاوەکەی

پڕ هەنگوینی خۆشەویستی‌و
لاوانەوەی
ناسك ، بێ‌خەش !
ئەی ڕووناکی بیرو زەین‌و ووردەکاری !
ئەی باسکی ئیش‌زان ، ئەی باوەش !

منی بێ‌بەش
لە بەرامبەر گەورەییتا
ئەی بۆ چاکە « ئەناهیتا »
گوڵێکم بوو لەم گوڵزارە
لە درزی ئاسۆی ژیانما خۆی نیشان‌دام ،
نەرمە ئاوازی دڵسۆزیی
دڵی بە کوڵ‌و پیرۆزی
کەم بۆ لێ‌دام
کەمتر لەناو باوەشی نام .
. . . .
لە تینووەتی‌و بێ‌هێزیما
کانی‌ی « ئەناهیتا » ووشا .
لە لاپەڕەی مناڵیما
ئازارێکی بەتام نەخشا ،
ئەو ئافرەتەی دایکی ناوبوو و هەموو
ئافرەتانی زەمین
هەڵدەگرم لە توێی دڵا

له هەستی بە ئازار تەڕبوو
لە ناو ئەسرین •

✶

ئەی ئافرەتان ، دایکان ، خوشکان
ئەی ئێوە گشت
ئەم گڕو ئەو رووناکی‌یەن
سەد پەروانە بەرەو مەنزڵی ئێوە یەن
ئەسووتێن ، خۆ ئەدەن بە کوشت !
ئەی سەرچاوەی راستی‌ی پیاو
دروستکەری قارەمانان
ئێوەن کە ئەبەخشن ژیان
بە شاعیران •
وەستایانی ووشەو پاشبەند
• • • • • • •
تا دێر ئەگرێ ووشەی رەنگین
بەندی هۆنراوەی گوڵگوڵین
بۆ تۆ رۆژباش •• ووشەی شیرین •

١٩٦١

بۆ:ماریلین

شووشەی گوڵاو
پیاڵەی بەللوور
ملوانکەی ئەستێرەی ووردی
تێکەڵ بە هەوری قژی خاو
کەلوپەلی کیژۆڵەکەن ، وەکو یاقووت
بە لەشی رووت
چووە ناو ئاو
نەهاتەوە ...
هۆ کیژۆڵە !
هۆ . هۆ . رووبار !
هۆ کیژۆڵە !! ...
هۆ ماریلین !
سەردەمەکەت ئامێرێکی سەوزو سوورە ،
چەرخی بە داوی ئاوریشمو
کەوانەی شەبەنگ پێچراوە ،
وەستاکەی : ئەو ملەستوورە

کەڵبەگرِی پفدراوە ،
ئاگادارە ،
لە ناو تۆین و چێشتخانەو
قومارخانەو سەماخانە
تا بانک و ئیستگەی پاسەکان
تەختەبەندی کارەبایی و
ئاسنبەندی نهۆم نهۆمە بەرزەکان
تا ناو بێشکەو
خەوگای بە پارەو خۆرایی
شەقامەکان .. بەرمیلەکان
ئاگادارە ، گشت دەبینێ
چەرخی زەمان دەسوورێنێ
چاکەکارە ، جامی وێسکی تۆ پڕدەکات
خۆشی خوێنی خوێن تاڵەکانی فڕدەکات
هونەربێژو هونەرپیشەو هونەر دۆستە
تۆپە گوڵی ناوقەدی تۆی لە ناو مستە
سەما دەکا .. سەمای پەپوولەی بێ خشپە
چەخماخەی مردن دەخاتە
دڵی دوا دەریانشینی
خوێن بە کڵپە ..
تۆی خۆشدەویست
کە دەی دی تۆ کابایێکی

چێشتی تەمسیل باش لێ دەنێ ی
دەگری •• ماچی گەرم دەدەی •• پێ دەکەنی
هاواردەکەی •• سۆزی دەروون ژێرپێ دەنێ ی
جرجی ژیان لەناو بوخچەی
پۆدرەو ئاوازو مەی دەنێ ی
لەش و لاری تۆ خەڵاتی
مێگ فڕین بوو ••
گیان و دڵ و گرژینەوەت
تەمسیل و خەون و سێبەری
لاوخەوێن بوو
بازاڕ گەرمی پەردەپۆشی و نواندنە
نە تۆ تۆی و نە من منم
کێشی هەڵبەستی جووت دێڕی
داواو هێنانە تێک دەشکێ
با تێک نەشکێ
با قوربانی (داواو هێنان) یان بێ خوشکێ !

★

هۆ ماریلین !
لە ناو بانیۆی پڕ گوڵاوو شیرو مەی دا
کەفی سەوزو سوور لە سنگ و مەم ئاڵاوە ••
لەشی بووکە شووشەی دایک
•• باوەش کردوو

وەکو مانگ خەرمانەی داوە .
ئیشکیکە .. گڕی ئیلانی :
ڕۆژنامەو فیلمو گۆڤارو
فۆتوغرافی هەڵاوسراوە ...
کە گڕ دەگرن
باقە ئیشکیك هەڵدەفڕێنن
بۆ ئاسمانی پەڕیی جوانی
لەو سەر تا ئەو سەری دنیا
هەڵیدەخەن .. لیکی ئیمەی پێدەڕژێنن .

★

ڕووناکترین ناو : ماریلین
بەرزی تا بەرزیی گاگارین
لەوسەر تا ئەو سەری دنیا
مووفەڕکی ژوور سەری دنیا
کاتێ لە بانیۆ هاتەدەر
ڕووت وەك یاقووت
تێر لەبەر ئاوێنە دانیشت
دانیشت ، دانیشت
لێکدانەوەی تۆزی لێ نیشت
بە ناو ماڵا گەڕا .. هەڵچوو
لەسەر چلی پۆپەی ئاسمان
دانیشت دانیشت

تۆزی لێ‌نیشت
رازی باوەشێکی گەرمی لا پەنهان بوو
بووکەشووشە نەبوو .. کۆرپەو کۆرپەی
دایکی میهرەبان بوو ..
هەڵچوو .. دانیشت ..
لێی‌راکشا ، لەناو بەفرا لەشی هەتاو .
شووشەی گوڵاو
پیاڵەی بەللوور
ملوانکەی ئەستێرەی ووردی
تێکەڵ بە هەوری قژی خاو
دەنگی کپی رووبارێکە ..
هۆ . هۆ .... هۆ هۆ ...
هۆ کیژووڵە ....

١٩٦٢ - ١٩٧٤

ئیش

— ١ —

کوڵمی نەرمی منداڵەکەم
ماچ کردو ماڵئاواییم کرد
لە ژنە چاو کەژاڵەکەم
بە پەلە پەل .. بە دەس وبرد
دەڕۆم بەرەو باغی هیوا
لە هەورازو لە نشێوا
دەڕۆم و چاو دەبڕمە دوور
باغی هیوای پڕ گوڵی سوور
باغی نان و پارەو پۆشاك
پارەی شیر بۆ منداڵەکەم
جل و بەرگی ژنە دڵ پڕ خەیاڵەکەم .

— ٢ —

ڕێگا دەبڕم
چاو لە ئاسمانی دوور دەبڕم

فرشتەی ڕەش عەبای باڵی
بەسەر پردەکە داداوە ،
کەسی لێ ناپەڕێتەوە !
— سەر نەوی کە .. ئەژنۆ دادە
چمکێکی هەڵدەدرێتەوە .
— ناتەواوە ..
کی دەڵێ ئاسۆ گیراوە ؟
ئاسۆ دوورە
بەڵام سوورە
لە خۆرەوە پەری دۆستم
باسکی سپی ڕاکێشاوە
پۆل پۆل کۆتر
هەڵەفڕێنێ
تیشك بۆ ئاسمانی ڕەش دێنێ
با قەلی ڕەش نەقڕێنێ
کارژۆڵەکەم .. لە باوەشی دایکی دایە
دەبێ لە دەرگاوە بڵێم :
« پڕ گوانانم شیرە
بن ددانانم گیایە » .

— ٣ —

(باوەڕنامەو ڕەووشتی چاك ،
تکاکاریی پیرانی پاك)

هەمووی لەناو مقەووایەك
دەنێرمە ئەو دیو دەرگای باغ
« باغی هیوام »
بەڵكو وەزیرو دەستوپێی
بە دڵنەرمی دەڕوانن لێی
بە پەنجەی ناز ، چاوی ئارام
گەشەدەکا ڕووی سکاڵام
بەبێ وەڵام ...
.. وا مایەوە ..
باڵام چەما .. چاوەڕوانی نەبڕایەوە .
. . . .
برای دوا مێز
گەورەی بەڕێز ..
چاوەروانی ، تا بەیانی
دوایینەهات .. دوایی نەهات
وا بوو بە شەو
درەنگ داهات
ئیتر چاوتان ناچێتە خەو
لە دەرگاتان دەدەن دەرگا
پێتان لەقدەکەن ئارامگا
کەی ئەو ساتە بێ بڕوانی
کێینو کێ نین ؟!

دەستوپێ نین
ڕۆشەنبیرو هەزارانی
گەلین ، گەلی چاوەڕوانی
هەڵهاتنی ڕۆژێکی گەش
ڕۆڵەی ماتی دەس لە کۆشش •

- ١٩٦٤ -

دوکانەکەی مام حسێن

بێ با بچین •• بۆ مێوانیی
بەهار شێوەی ناو دوکانی
مام حوسێنی چاوگەشی پیر
روو دڵنیاو ساکارو ژیر ،
کەوا کیسەی بەر پشتێنی دەردەهێنێ
لارەو لار خۆی دێنێو دەبا
تا لە بنی قوولاییدا ووردەی پارە دەردەهێنێ
دەڕوانێتە دوکانەکەی
یان هێلانەی پڕ ئارامی ژیانەکەی
بێ دەفتەر و قاسە و بار و بارخانەکەی •

★

وەکو ماستی ناو چێنیی شین
سەرتووی خاوێن
کە لە کۆیە پەلك پەلکە
سپی سپی وەکو هێلکە

خاڵۆ حسێن
دەروونێکی وا ساویلکە •
وەك سەوەی پڕ پونگی ئاودار
گەڵامێوی نۆبەرەی دار
سەبەتەی پڕ لە گوڵەباخ
شەکرەباوی‌و هەموو شتێ زادەی بەهار
دەستەو دیاری بەفراوو شاخ
دڵی من‌و دڵێ خاڵۆو ناو دوکانی
نەخشانووە ، بە ساکاری‌و میهرەبانی
حەزدەکا کژ هەر بەهار بێ
بەر هەر بەری کردگار بێ

★

٧ دەستی نەرمت
بخەرە ناو دەستی گەرمم
دڵی گەرمت
بخەرە ناو دڵی نەرمم
دڵ نەرمم رووبەرووی ژیان
کە بۆ خەڵکی پێ‌دەکەنێ
هەروەکو ئەو کیژۆڵەیەی
رۆژانەکەی لەناو دەس مام حسێن دەنێ
دەسکێك گوڵی لێ وەردەگرێ ،
کوڕێژگەیەك روبعە ماستێك

بۆ بەرچایی‌و پیرە ژنێ
چەنگێ گەلاّمێو دەکڕێ •
ئەویش دیاریی منداڵەکان
دەدا بە نان •
خۆزگەم ژیان
هەر سەرچاوەی شادی ئەبوو
هەر ئارام‌و دادی ئەبوو
بۆ ئەم خەڵکە •• هەموو •• هەموو •

برسیەتیو جوانی

مندالینە
زۆرم بۆ ووتن .. بۆ دواجار
چیرۆکم پێ نەما ، ناچار
چیرۆکی (برسیەتی)ی هەژار
لەگەڵ (جوانی) بەسنەزمانا
تێکەڵو پێکەڵو بێبن
بۆتانی ئەکەم قسەچن !

★

(جوانی) کچێك بوو زۆر نازدار
کە بهاتایە لەنجەولار
چ شازادەو پەریزادە ،
چ پەپوولەی باخی بەهار
چ شەماڵی بەفری کۆسار
رێیان نەئەکەوتە شوێنی
جادوویی باڵاو لەنجەولار

★

(جوانی) کچێك بوو زۆر رەنگین
که بهاتایه گفتوگۆ
چ شەکرو شیر یاخۆ هەنگوین
شتی نایابی هیندو چین
نەئەبوون بە وێنەی قسەی
یان نایابیی و خۆشیی چرپەی !

★

(جوانی) پێکەنینی گوڵ بوو
سەرتاپا لەشی ناسکی
جۆش و گەرموگوڕیی دڵ بوو
شەنگەبیی بسک و شابسکی
وورشەدارو شەنگ و شل بوو ،
گوڵاو بوو .. رووناکی و تاو بوو
کچێك بوو (جوانی) ناو بوو !

★

بەڵام ، منداڵە ووردەکان
وەکو هەندێ چیرۆکەکان
که شەوانی تر بۆم گوتوون
« که ئاغەیەك ، شازادەیەك
یا سوارێکی هێزو قشوون
لە لای کانییەکی داوێن شاخ

ئەیان دیو ئاوی ئەدانێ
خێرا بە جادووی مەست ئەبوون ،
ئەیان هێنایە بارەگا
بارەگای تێریو پۆشتەبوون
ئەمە نەبوو !
نە هات .. نە چوون !! »

لێرە ئەمرۆ لە سەردەمێ
کە سەدەی بیستەمە ناوی
لاوێك زەردو دووکەڵاوی
کاسەو کەوڵی پیرەژنانی
کردۆتە بەرگو پێتاوی
لە خەرمانان
لە کێڵگەکان
لە لای جوتیارە بەندەکان
هاتۆتەوە ، بەد ، تۆزاوی
هاتۆتەوە چی پێ بڵێم ؟
بە مل .. یا بە دڵ شکاوی !

چەن شارو دێ ، چەن کارگەی دی
چەن کاروانو چەنـد بـارگـەی دی !

مندالینه

منالی روومەت گولینه :

(برسیەتی) لاوە بەدەکە

بەو دەستەی کە وەکو دڕکە

روومەتی (جوانی) دەقداوە

بێ گیان کەوتوو

بە سەد دڵ پێوەی نووساوە

١٩٦٢

ساوی

— ئەی دانەری هەڵبەستی خەم
چاو لە دنیا پڕکەو بەستەی
شادی بڵێ ،
با لە ناوتەم
تیشکی ڕۆژی ئارام هەڵێ .

— ئەو دنیایە چەند ئاڵۆزە
ڕەشەبایە .. تەمە .. تۆزە
کە چاومی تیا ئەبەمە خەو ، لێی هەڵئەستم
نازانم چۆن
لێی هەڵئەهێنجم هەڵبەستم ؟

— سەیری مێرگی گیای تەڕ کە
زیوی شەونم تەنیوەتی
بۆچی گیا دێتە سەما
بۆ ڕووناکیو بۆ شنەی با ؟

یا ئەو مەلەی دنیایەتی
چلەدارێك ،
پڕ بە گەروو هەڵئەکوڵێنێ
شەپۆل شەپۆل ئاوازی خۆش
کەوا لەگەڵ خوڕەی ئاوا
لەگەڵ شنە شەماڵێکی پڕ گوڵاوا
تێکەڵ دەبێ ، دڵ پڕ لە جۆش
بەستە ئەڵێ
« کێ پێی ئەڵێ بەستە بڵێ ؟! »
دیمەنەکەت هەستداری‌یە
دڵ ئارامیو دڵداری‌یە

— کێن ئەوانەی بەستە ئەڵێن
دڵداران کێن ؟

— ئەو دارانەن لە بەرزەوە
بە لقو پۆپی سەوزەوە
وەك دەروێشان ڕائەمێنن
کەم کەم خۆیان ئەهەژێنن
کرنۆش ئەبەن بۆ ئاوی چەم
ئاوی چەمی خوڕە بە دەم ،
ئەو بەردانەی ناو رووبارن
کە بەردەبازی ڕێبوارن .

ئەی دانەری هۆنراوەی تاڵ
مەناڵێنە ..
بەرەڵلاکە مەلی خەیاڵ
بۆ ئاسمانی پاکی ساماڵ ..

ئاسمان بەرگی پیرۆزەیی سادەو شینە
پڕ بە دڵی باوەش ئەگرێ
لەم دنیایە بەر بەرینە ...

بە هەوایەك بۆنی خۆشی تێکەڵاوە
زیکەو جووکەو شنەشنی پێدراوە
هەڵاوەی ئاو
کە پڕشنگی
هەمەرەنگی
سەر قەڵبەزان تێی ئاڵاوە :
فێنکایەتی بەفری لوتکەی
بەهاران کە ئەتوێتەوە
ناوچەوانی گەرمت تەڕ کە
تەڕکە با فێنکی بێتەوە ،
دڵی کرژت بکرێتەوە .

بەرەو پاییز

— ١ —

کە بەهار بوو
خەیاڵی وەك ئاسمانی شین ، مێرگی دەشتان
ساف‌و مەست‌و گوڵاودار بوو ..
کە بەهار بوو
جوانە ئاسکی دەشت‌و دەری
پڕ لە گوڵی پرشنگدار بوو
دڵی لەگەڵ کانییەکاندا
نەی گورانیی کردگار بوو
کە بەهار بوو : هی تەمەنی تەڕیی گوڵێ
کە دڵداری لە دەروونیا هەڵ ئەکوڵێ
تیشك‌و سیحرو بەزم‌و جۆش بوو
بۆی گوڵاوو خەونی خۆش بوو .
. . . .
کێ راوکەر بوو بێتە راوی ؟

ئەگەر راوکەر لە دوا هەوریش بوایە داوی ،
نە دەهاتە ڕای گومبەتەی تەلیسماوی !
کە تەمەنی بەهاری بوو
لە سروشتا خۆی دیاری بوو
خۆی بەهاری سەد بەهار بوو
هەر ئەو رازی کردگار بوو .

★ ★ ★

نەك بڵێی کە ئاسکەی بەهار
گۆشەگیر بوو ، دوور بوو لە شار
لە دڵداری لالووت بوو بێ
گیتی لە لا نابووت بوو بێ !
نەخێر .. نەخێر !
گوڵزار نەبوو گوڵی نەبێ
بەڵکو شای سەر چڵی نەبێ ،
کۆڕی یاران لە تای شەوا
لەبەر تافی مانگەشەوا
بە گفتوگۆی جادووی نازی بەجۆش ئەبوو
بەزم هێندەی تر خۆش ئەبوو .
گەڕێ لە هەر ڕەشبەڵەکێ ،
بە پێکەنین .. بە چاوبڕکێ ،
بەو پرشنگە ئارام ڕەنگەی
کەوا لە دوو چاوی ئەتکێ

که تینووەتی دڵی هەزار
هەرزەکاری لێوە ئەشکێ !
بە نەخشینیو نازو کردار
شائەندامی بەزمی یانەی دڵداران بوو
لەسەر دینو روو لە قیبلەی دڵداران بوو ٪

★ ★ ★

تا رۆژێ هات
سا رێکەوت بوو ؟ • خەوی خاو بوو ؟
خۆیو دڵە گەوهەرەکەی
کانە تیشك هێنەرەکەی
— ناڵێم کوتاڵ یان پاتاڵی
سەر دوکانی کڕیاران بوو
چونکە دڵێك پڕ بە مانا ، دڵ بوو ، جوان بوو —
تەلیسم بوو ، یاخۆ داو بوو
دڵی ئاسکەکێوی راو بوو ••
کاتی بەهار
دنیای بەهار
ئاواتی تاسەری بەهار •

— ٢ —

بەڵام پاییز
لە مووی سپیی بە دەگمەنا
لەگەڵ تاپۆی چەند لۆچی کەم

لە ڕوومەت‌و لە گەردەنا
کەوتەخۆ بۆ نواندنی فیز
ئاخ کە پاییز پێی نەدەنا
تەنیا بەهار جلوەی‌دەکرد لە گولشەنا ،
لە تەمەنا !
بەڵام پاییز لافاوی زەرد
دائەگرێ گشت گولزارو هەرد !

هەی داخەکەم بۆ ئەندامێ
هەر بەهاری جوان ئەفامێ !
خۆری پاییز وا پرشنگی
لە ژێر تارای هەوری بۆرا
لە گۆمی دوو چاوی مەنگی
گڕی ئەسرین پەخشان‌ئەکا
بە بێ دەنگی ،
ئەڵێی بناشت لەگەڵ بەختی ئاسمان ئەکا
سکاڵای ڕوو لەیلاخەکان
هەتیوماوی ناو باخەکان
پێش‌کەش دڵی زەمان ئەکا .

— ٣ —

دیارە جوانی ، یا بەهرەیە یا هونەرە
لای خانمێ کەوا دڵی بەهارێکی تازەو تەڕە

مل کەچ ناکات بۆ هیچ کزێ
ئەگەر بۆنی دەستەڵانی لێ‌هەلمژێ
بڵێم بەچی ؟
بە هەر گەردێ لە لەشیکا نەرم‌و نیان
وەکو بەیان

بڵێم بەچی ؟ بە هەر کونجێ کە بیگاتێ
دەستی خەیاڵ

سا بێ‌گومان ، ئەو دیمەنەت قەت ناداتێ
گوایا ئەم ساڵ

بەسەریا زاڵ ئەبێ پاییز
نەخێر هەرگیز
رێ داناگرێ بەرەو پاییز .

— ٤ —

هەرچەند بەرەو پاییز دەچین ، وا ئەبینم
بەڵام دڵی بەهرەداری تۆ ناشکێنم

تۆم خۆش‌ئەوێ
هەی لە گیانی منت‌کەوێ

تۆم لا جوانە
گوڵ هەنارم لە لا جوانە

چونکە لە بەرد نادا لووتی
تا بەهارە سووراوی جوان ئەپرژێنێ

لێوی ئاڵی دڵنیایی ئەسروێنێ
له پاییزدا
بوخچەی پوختی پڕ یاقووتی
سەد گوڵناری تر ئەڕوێنێ
هەر بەهاری تەڕ ئەنوێنێ •

١٩٦٤

دارســــتان

— ١ —

کانی‌یەك بوو ، دوو چڵی داری سەوز
مانگ بەسەریانا بە ڕووی زیوینی کاڵ
وەك مناڵ

پێ‌هەڵگەڕا ، کەم کەم ، هەتا رووی پڕ وەنەوز
بوو بە سینی‌ی ئاگرینی ناو حەوز .

تاکو ئەڕوانی سەوز ، سەوزێکی تۆخ
نەونەمامی مێوو سێوو داری خۆخ
دیمەنێك بوو دەستی رەنگینی سروشت
وەك هەموو جوانێك تیا بەهرەی ئەڕشت :ـ

نەرمە گیا سەوزی هەموو وەرزی بەهار
قەیفە بە بریقەی گەڵای پۆپو چڵی ئاسمانی دار
ڕاوگە بوو بۆ خەرمەنی ئەستێرەکان ..
هەڵپڕژانی گوڵ ، گوڵی ئەستێرەکان ..

هەروەکو ماسی گەلی ئەستێرەکان •
خۆی ژیان بوو
خۆی گوڕو گەرمی دەری لاشەی ژیان بوو
تێکەڵی کات بوو ، کە کات تێکەڵ گیان بوو
ژینی ساکار
تازە گوڵزار
واتە دارستانی زوو •

— ٢ —

بلوێرژەنی ماڵی پاشا
کچی پاشاو بەگزادەو شا
بەجۆش دێنێ
سا گشتیان هەڵئەپەڕێنێ !
کاتێ ئاهەنگ چڵئەکا مەی لە تەماشا
بەرد ئەدوێنێ ••
لە چۆڵێکی ساردوسڕا ڕائەمێنێ •

— ٣ —

کاکی بلوێرژەن بژەن !!
یا هەڵیکرد •• بارەشێکی قورس‌و تار ،
زەنگی تۆقانی تەقان
ئاگری هێنا بە ژوورا تا خوار •
هێرشی لافاوی سوورو زەردی دڕ

گۆمی گەرمای دۆزەخی شێتی شەقان
ڕادرا بۆ ناو چەپاوی ئاگرو کلپەی بە گڕ :
(داخەکەم - بالآی نەمامی شەنگی دار
گیانەکەم - سروەی شەمالی مەستی پار
هۆشەکەم - سەوزایی زادەی نەوبەهار
چاوەکەم - کانیی زولآلی وورشەدار
ئاگرێکە و باوەشی گیرکرد لە دارستانەکە
چی بکا ئەیکا ، کەسێ نالێ مەکە !

— ٤ —

پەپوولەکەی شەوی بێدڵ
باڵ ئەکا بە نووکی چقل
لە ئاگرا فرسەت دێنێ
هەتا گیانی ئەسووتێنێ .

— ٥ —

چاو ئەگێڕم ، کوانێ دارستانەکەم ؟
- جێی خەیاڵی بەربەرەڵلاو لانەکەم ؟ -
دارکەران ، کەی چوونو تێی بەربوون بە قینی تەورو پاچ ؟
تێك شکا ، وەك مەردمی بێ دەستو قاچ
وا هەموو برژانگەکانم داری دارستانەکەن
مەمکی پێشۆڕبۆتەوە ،

سمتو ڕانی تێ ڕواوە ،
قژ ، گژو گیای پەستو ئاڵۆزاوە ، لاو -
لاوە ، ترێمارانە دەوری گشتی داوە •
جۆگە خوێناوی ژنانەو کێمی سەر
کاسەی هەژاوە •

شەو ، هەموو شەو
گەر بە دەگمەن تاکە ئەستێرەی بەیانی دەرکەوێ
خۆی لە کێڵگەی سمتو ڕانو قاچو پێ
ئەگرێتەوە ••
تیشکی تەڕ بوو - وی بە مەمکی سەر لقان
ئەسڕێتەوە ،
ڕائەکا ، کاتێ کە دێوێك ڕوو لە دارستان ئەکا
گەر بگا دەستی ، زەویشو ئاسمان وێرانئەکا
هەڵئەقرتێنێ سەری خونچەی مەمك
ژێری پێستی سنگو ڕان ، بازوو و مەچەك
هەڵئەلووشێ ، خوێنو کێم ئەخواتەوە ،
سا بە مووی پەرچەم دەمی ئەسڕێتەوە
تا دەمی بۆنی گوڵو سەوزایی لێئەڕواتەوە
ئارەزووی خواردن لە دڵیا ئاگری ئەبڕێتەوە
کۆچ ئەکا ! سەد جار ئەژیو ئەمرێتەوە •

— ٦ —

سەد جار ماڵی پاشا بڕمێ
نە سەمای ما نە ئاوازی ،
کەللەم ئەسمێ
چاوەندازی
دارستانی ، لانەی خەمو لانەوازیی

— ٧ —

چونکە بێگانەم .. لە میحرابی کەساسی نوێژئەکەم !
حەز بکەم یا حەز نەکەم بەم وێنە وا خۆم گێژ ئەکەم
چونکە خەڵکی جەنگەڵی سووتاوو شێواوم ؟ بەڵام
ئێوە کێن ؟ ئەی خەڵکەکەی پرسیاری ووشکی بێ وەڵام !
ئایا وێڵی دەشتی خوێی بەر ئاگری خۆر بم ، کەوا
قەوزەیەك ، یان سێبەرێك نەرمی نەبێ
چاوەکەم تەرِکاتەوە ، چاوم ئەوا
دائەڕووشێنێ بریقەی ئاگرێك داناکەوێ
چیکە کەللەم جەنگەلی ، پڕ دووکەڵی
تاریكو مات
ناتوانێ هەڵگرێ ! تاکەی ؟ کوانێ رۆژهەڵات ؟

— ٨ —

ئەی ئەندێشەو خەیاڵی تەڕ
لە جەنگەلا وا دێمەدەر

شوێنێکم بۆ بسازێنه
که بەهارو باخ‌و ئاو بێ
کۆلیتێکی لەبەر چاو بێ
نەك تەلاری پڕ ئاوێنه •

— ٩ —

٩ تا بڵێم : گۆرانی‌ی بالآی شەنگی دار
گیانەکەم سروەی شەماڵی مەستی یار
چاوەکەم کانی‌ی زولالی وورشەدار
هۆشەکەم سەوزایی زادەی نەوبەهار
بێن گولآودار بن له دارستانی خەو
تاکو دانیشم له رۆخ کانی‌و تریفەی مانگەشەو •

١٩٦٥

دەستار هاڕ

با کۆڕەت بێ ،
دنیا ماتە ، شەو بێدەنگەو شاری دوور
خەواڵووەو وڕ ماوە !
پەردەکانی شەماڵ دەیان لەرزێنێ
وا تاریکی چۆکی لەسەر سنگ ناوە !
هەر کۆڕەی تۆ ، هەر نەڕەی تۆ دەمێنێ ،
هەتا لەناو گۆزەو کەندووی خورێن‌دا
لەناو خانووی کەلاوەدا ، بخوێنێ :
گۆرانی‌یەك - وێڵو بێ‌کەس -
دوور وولاتی بنوێنێ !

★

بقیژێنە ، لە بێدەنگی‌ی بێ‌شوێنا
کە دایکەکەی ڕزی لەناو نوینا
یا ئەو خوشکەو ئەو دولبەرەی بەتەنیان
کەزیی لوولیان هێند هۆندەوە وا بۆزە ،

چاویان ، حەوشەو دەرگای مالیان ، چیاکان
ئەو......ی کە خنکاوی ناو تۆزە
چاوەڕوانی گیژی کردن بۆ ڕۆژێك
کەوا دەلێن ئیجگار گەش و پیرۆزە

★

با کورەت بێ ، ئەی ئەسپەکەی بێ سوار
خۆ ناتوانی زنجیری پێ بپسێنی
زین پێویشیت .... بکەی بەلادا
بتجۆشێنێ گوڕی غارو بێیتە غار
بە سم مەیدان بشێلیت و بشکێنیت ،
تۆزی مەیدان ، بخنکێنێ ئاسمان
لەژێر تۆزو تەم و مژدا مردووان
بە دلی پڕ لە داخەوە هەستێنیت
تا هاواری ئاواتمان
وەبەر گوێچکەی نووستواندا بخوێنیت .

★

وا مانگی خڕ ، لە ســەرەوە دەڕوانێ
پــڕ بـــە دلو پــڕ لــــە پــرس دەڕوانێ
کە رازێکە ، رەنگبێ - بێشک - دەیزانێ .
ئەو نەیزانێ لەســــەر ڕا کەس نایزانێ .

★

با دووراو دوور •• ناوناویش بێ دەنگت بێ
بۆ لای مانگی بە پرسیار
بۆ پاڵ شاخو دارگوێزەکەی خەیاڵدار :
کە سێبەری وەك تارمایی رادەکشێ
بۆ کۆڵیتە بەردینەکەو بۆ دەوار •

★

ئەی ئەسپەکەی بێ سوار
با دووراو دوور ، ناو ناویش بێ ، دەنگت بێ
هەر کۆرەی تۆ
بلەرزێنێ دەواری رەش جار بە جار :ـ
دەوارێكو بەربەیانیی ئێجگار زوو
«خاتوزین»و دەستارێكو دوو بازوو
ئەڵێی چەرخی زەمانەیە دەستاڕی
کە چۆن ژینو ڕەقیی زەمان دەهاڕێ
بەڕوو بۆ نان ••
ئەگەر نەبوو بەردو گاڵو هەرزن بۆ نان
بۆ ژینو مان دەهاڕێ •
با بهاڕێ ، نەوەستێ
دێوی زەمان لە راکشانا هەڵئەستێ

کات لە دۆڵو لە نشێوا
لە قەد کێوا تا لوتکەی بەرز
لە گەڕ دایەو ئەسوورێنێ دەستاڕی وەرز .
چاوەڕوان کراو
ئازیز تر لە گلێنەی چاو
هەر دێتەوە ...
بەیاری ووشک .. کێوی برژاو
وەك ئەتلەس ئەگەشێتەوە .

لەئاسمانی فەلەستیندا :

ئەستێرەی گز

نە شەوە شەوێکی هیوا کوژ
نە رۆژە ، رۆژێکی خنکاوی تەموژ !
ئایا کات وەکو من گیراوە هەنگاوی ؟
یا خۆ من بێ ئاگام لە چزووی
ئازاری تەماوی ؟!

★

ئەی رەشی وەك قاوەو مێخەکی
پەرچەمی شەوی تار ،
لەش‌ولار
بە ژیلەی ئەستێرەی دوورو گز
نەخش بوو
شەماڵێ لە تۆوە قووڵو مەست
نەك ماتی ، بۆی ئارام بپژێنێ ،

تا تامی شەوی ڕەش بچێژم
لە جەرگی شەوەوە ئاخی دڵ بنێژم ،
بە خەوی بەیانی
لێی جۆش دەم گۆرانی :
« .. وا کچی ڕۆژی سوور
لە جۆگای زەنگوڵ و کانیی ڕوون
دەشواتن ، تاڵی مووی درێژو جوانی ،
مزگێنی (بەیانی)
بە شاخ و دەشت و دەر وەر دەبێ
(دێ) کەمان لە خەوا هەڵئەستێ :
کوڕ کاڵەو گۆرەوی و پشتێنی ئەبەستێ
کچ بازووی هەڵئەکاو ناوەستێ .

خۆشترین سبەینە ئەوسایە
کە شەومان دەیجوورو درێژ بێ
ئەو کەسەی لەگەڵ شەو ڕانایە
سا مەگەر نەخۆش بێ ، یا گێژ بێ .
چەند خۆشە کەڵەشێر بانگ بداو
هاواری ڕاپەڕین بۆ نوێژ بێ » .

بەیانە ؟ . نەء . خەونە ، یان بیری باووبژ ؟
ئەی شەوە شەوێکی هیوا کوژ ؟
یا ڕۆژە ، ڕۆژێکی خنکاوی تەمومژ ؟!

گەر ڕۆژە ، ئەی بۆچی باخی بیر وا کزە
بێ تیشکو شەماڵو گوڵاوە ؟
وەك شەختە مەییوە لە لێوی گوڵ : بزە ٠
زیندانەو وەك ڕۆژی خەوێکی شێواوە ٠

گەر ڕۆژە ، کوا وەك دێو گەردەلوول
هەڵبکات ٠٠ تێكبدات ٠٠ بڕمێنێ
دنیای مات لە خەوا بخاتە جموجوول
بۆشایی تاریككات ، دایگرێ پێچولوول
لەپاشان : پاش قینی شۆڕشی ٠٠
پاش نرکەی هەوری بۆر ،
بارانو بارەشی
ئاسمانی سافی شین جوان وەکو پیرۆزە
سێبەرکا بە باڵی لەم خاکە پیرۆزە ٠
١٩٦٤

مەیدان‌خوازیی زایۆنیزم

گیران

سێ کەس .. سێ دەمانچەی چلکن ،
سێ باوەشی رەقی دوژمن ،
سێ باڵ ـ باڵی واشەی ئاسن :
چۆلەکە گەنم رەنگەکە
گیرا ، گیرا ،
پەلی کوتا ، چاوی گێڕا ،
باڵەفڕکەی ، گۆمی دەنگی
راوکەرانی رەشی هەژان .
چاوی گێڕا
بەڵام بێ سوود بوو ، بێ گومان
هێزی دڵی راوکەرەکان
وەك تاریکیی زیندانەکان ،
هێزی ماخولیاو دەبەنگی

بە هیچ جۆر نەخێورایەوە ...
چۆلەکەکە کپ بوو دەنگی
کلی ترسی زیندانەکان
ڕژایە ناو بریقەی چاوی
دندووکی کزو خەماوی
جومکردە ناو پەڕی سنگی
بردیان - خۆیو نیشتمانی
باوەڕو پیرۆزەکانی
شوورایەوە بە هێلنجی دەروونیان
دەروونی لەرزۆكو سادەو زەبوونییان -
بردیان .. بە هەراو سام ، شەو بوو
— دینیان چوو
— بەلام بۆ کوێ چوو ؟
— بۆ زیندانی تاریکیان
نێچیرەکەی هەر سێکییان
دیارە راویان سەرکەوتوو بوو !

★

هێلنج ..
قەپو ڕنەی شێتییان ،
خولیای کێویو دێوو درنج ،
بێ نرخییان .. کە پشووی دا و مەلەی هێمن
کە بە بێدەنگی دەیکوشتن !

بوو بە توانا
بەدارێکی بێ نموود نا ،
وا لە ئاسمانی شەرەفا
هەڵۆیە .. شاهێنە .. بازە ،
گیانی بەرزی
بەسەر تیشکی گەلاوێژا
لە ژوور هەورا لە پەروازە .

سپارتاکۆس
نەك لە شەوی ڕۆمای قورسا
لە لەشی چۆلەکەیەکدا کە دەترسا
هەڵسایەوە !
نەبەزین لەناو دوو چاوی
بچووکی شەوقیدایەوە .
گاڵتەی دێ بە هێزو سووکیی
واشەی دوژمن ،
دەس و دەم و چەکی چڵکن ،
تەنانەت : زیندان و مردن .

١٩٦٢

دەست وەشانێك

لە قودسەوە

هەرچەند شەقام وەك دێی چۆلە
بێهەستو سڕ راكشاوە ،
بانگت دەكا « دەنگی تۆڵە » :
— رێگای مەردیی نەگیراوە .
هەنگاو نانی رێبوارەكان
وەك مس قورسو شڵەژاوە ...
وادێن !؟ چاویان تێبڕیوی
نەشتكوژن . بۆ كوێ دەچی ؟
پەڕۆی كۆنو داڕزیوی ؟

★ ★

خوێنی دڵی ساردوسڕت با گڕبگرێ
وا سەرشۆڕی رێگات دەبڕێ ..

★ ★

وادێن .. وا .. دێن .. دەتخۆن بە چاو
گەرماوی رووی زەردی تکاو
تاکەی تاکەی دەگوشن دڵت ؟
وابوون ، وابوون .. دەستەو ملت !

★ ★

شەقام هەرچەند خۆ چۆل نیيە
رێبوارانی بێ سەر دەڕۆن
کەی لە کارو کردەوەی تۆن ؟
دەسی رەق‌و بروسکەی دەم خەنجەرەکەت
بە پەنجەی قین دەرگای دڵت دەکاتەوە
لێیدە . دەستت بووەشێنە .
رامەمێنە .
لێیدەو بڕۆ . با بڕوانێ
ئاوڕت لێبداتەوە ؟!
وا تیغەکەت لەناو دڵیا
ئاگری قین دەکاتەوە ..
با ئاوڕت لێ بداتەوە
با ئاوڕت لێ بداتەوە ..

★ ★

شاری گەورە تا دێ بچووك دەبێتەوە
داری چرا دێن ، ڕوو بە رووت

پێچی کۆڵان دەگرێتە خۆی
لەشی ماندووت ..
کاسی زرمەی نارنجۆکو
بۆنی بارووت
لەم کۆڵانەو ئەو ناو پاسو تا ئەو شەقام
ئەژنۆی بێ‌هێز هەڵتدەگرێ
دەچی .. بۆ کوێ ؟
لە دەرگا دە ـ ماڵی هاوڕێ :ـ

— کێیە ؟ .

— منم .. مەپرسە کێم
نیشانم دە بۆ شەوێك جێم !

★ ★

زۆر زۆر ئەمشەو جێگەیان بۆ کردیتەوە
بە نیگای چاو ،
بە گوڵی رووی خوێن تیا نەماو ،
تۆ و دەسو خەنجەرەکەت
کە خوێنی لێ دەتکێتەوە
ناتوانن قەت بشارنەوە
ئەچی بۆ کوێ ؟
شاری گەورە تا دێ بچووك دەبێتەوە
تا دێ .. بچووك .. دەبێتەوە .
نە رۆژنامەو رێبوارانی شاری تەمین

نه یارەکەی دوا پەنجەرەی چاوەڕوانی
هەتا دایکی پەستو خەمگین
کەس لانەکەت پێ نازانێ
کەس باس ناکا (تاوانەکەت !)
دەس وەشانە مەردانەکەت •

★ ★ ★

ئەوەی خۆی لێ مەڵاس داوی
جەهەندەمی بۆ تاو داوی
نەك ئێستا بەڵکو لەوساوە کە وەرگەڕان
(فەلەستینیان) بە دووکەڵی ستەم خنکان
لەوساوە ، کە ڕۆڵەی گەلی ، تێکۆشەری
تاوانباریت •• گیانت بۆ هەر کوێیەك بەری •
شاری (قودسی) ناو دەروونو خەنجەرەکەو دەفتەرەکەت
شاری گەورە وا کەوتۆتە ژێر باڵی شەو
تا بەیانی •• خۆتو دەسو خەنجەرەکەت
ئەگەر چاوتان بچێتە خەو
تا بەیانی •• ڕۆژێکی نەو •

ئەسپی والی

شێخی گەورە کەوتە پەلە ،
مجێوورو کەوش چن‌و پیرەمێردی
مزگەوتەکەی بە دوایەوە ،
ـ لچکی کەوای هەڵنایەوە ـ
ملی نا بۆ پلەی تەنگی منارەکە
پلە •• پلە
پشووی هەڵما ، هەر ملی ناو نەبڕایەوە
تا لە سەرووی منارەوە
بانگ‌دێری ناردە خوارەوە
کەوتە بۆڕەی شین‌و هاوار
ستایش‌و ووتەی بەکار
کە ئایاتی جوان ئەخوێنێ :
« هەزار رەحمەت ئەبارێنێ »

★

٧

گۆڕەپانی بەردەم ماڵی
شکۆداری گەورەی والی
لێواولێوی ئازیزانە ..
جێگای ڕەزمی سوارچاکانە !
لە هەر لایێ :
کەڵەك کەڵەك
فەقیانە شۆڕ وەستاون ، وەك
چاوەنۆڕی فەرمانی زل
سەرکزۆڵو تێكشکاو مل .
بۆڕیە ژەنو دەهۆڵ بە شان
گەرمن ئەمڕۆ ،
ئەناڵێنن : بە ئاوازی پیرە شەیتان !
ئەقیژێنن : بە هاواری بنی گیرفان !
ئەجۆشێنن .. غەڵبەو دەنگو ڕەنگی مەیدان
« هەی شیوەنو هەی باوکەڕۆ
هەی مردووی ناز ، ڕەحمەت بۆ تۆ »

★

وەزیری ڕاست .. وەزیری چەپ
دەفتەردارو خەزێنەدار
لەگەڵ دەستەی نووسەرانا
بەناو خەڵکی چاوەڕوانا
ڕێیان بڕی ،

ڕایان خوڕی :
ده ڕابگرن ویقەو زیقانو تەپەتەپ •

★

لەم کاتەدا ، پاشای والی هاتە تەلار •
هات بە چاوی بە خەوەوە ،
بە جلوبەرگی شەوەوە
چاوی شێتی تێك هەڵسووڕاند
بە خەندە ، گاه بە واقوڕمان
نەڕاندیو بۆ ماڵەوە چوو •
ووشەکانی - ئەگەرچی کەس گوێی لێنەبوو -
بەمانای باش لێدرایەوە
ماناکەش دەنگی دایەوە !!

★

کێ پیرۆزو زۆر گەورەیە
شوێنی بەردەم « تەویلە »یە
بەختیارەو خۆی هەڵئەدا
تا دانەبڕێ لە دەرفەتدا •
هاتن •• خەڵکی نیشان بە شان ،
وورگ زلو فەقیانە شۆڕ ،
سەرو مشکی توولینەی نان ••
هێنایانە دەرێ لاشەی - جوانەمەرگ -

ئەسپی والی
دەس نەئەکەوت ، سنگی ، یاڵی
ملی ، قاچو قولو باڵی ٠

— ٢ —

بەڵام والی بـۆ خۆی کـە مرد
کەس نەیزانی بۆ کوێیان برد ٠

١٩٦٦

مەرگ و منداڵ

لە نێرینەی شەپۆلێکدا ،
بەسەر خوێناوی ڕێگادا
شوێنی پێی بە جێ مابوو .
لە شەختەی ساردی چۆلێکدا
بە تەنیا بوو ،
دڵی سەد جار لە ژێر دەستاڕی ترسا هەڵ ـ
گلۆفا بوو ،
منداڵێك بوو : گوڵی ڕووی سووری ژاکابوو .

★

بە تەنیا چۆن منداڵێك ڕوو بە ڕووی غولێك ،
شەپۆلێك و دڕندەی جەنگەڵێك ، چۆلێك
بووەستی ؟ بێ تکا شەڕکا ؟
بە کام نینۆك و بازوو و قۆڵ
بە کام چەك ڕوو لە سەنگەر کا ؟
مەگەر فرمێسکی قورسی ناو

گەرووی خنکاوی پڕ ترسی !

★

مەگەر پەنجەی بەسەریەکدا -
لکاوی گەرمی گیرفانی ؟!
بە هاوارو بە گریانی
رەوایە ؟ کام دڵی کام مەردە دەتوانێ
منداڵێك روو بە رووی مردن بجەنگێنێ
کەوا مردن فڕوفێڵی :
« دڵو سۆزی منداڵێتی ،
وەیا خۆ خۆشەویستی دایکی » نازانێ
بەرامبەر تاکە منداڵێك
دووا هێزو دوواقین خۆی دەسازێنێ
لەناو کەڵبەی بەسامدا گڕ دەبارێنێ
بەبێ رەحمانە ئەیشێلێتو ئەمرێنێ .

★

منداڵێك وا ملی وەك چەپکە گوڵ
ئاسن بە سەریا هات ،
رەشی مەرگو خوێنی سوورو ئەستێرەی
گەشی گیانی
لە لاشەی ناسکی - کانی
پڕا .. رەنگینی کرد دنیای خەماویو مات

١٩٦٦

مردنی جوان

خەوبینینی منالی‌یە یادگارت
روخساری سوور هەڵگەڕاوو کانی چاوی
پڕ ژیانو میهرەبانیو پڕ ئازارت
لە گلێنەی دوو چاوما
سێبەرێکە
رابردوومە ،
یادی خەمو دڵشکاوی منالیمە
یادی سۆزی وونکردوومە
یادی گەرمی فرمێسکێکی گەرموگوڕە :
« ئەڕۆم .. ئەڕۆم
بەناو دەریای زۆربەرینا
بۆگوڵزاری (لاوانەوە)
بۆ باوەشی دایکێکی شاد
لە هۆشیاریو خەوبینینا

که لاڕووم بە ڕوو دا بێنێ
بۆم برژێنێ
زەردەخەنەی مرواری سەوز
تا بچێژم خۆشەویستی تێکەڵ شیرو
خۆشیو وەنەوز ،
. . . . . .

لەم باخەدا بە هەڵبەزین ،
بە ڕاکردن ، بە پێکەنین ،
لە پڕ خۆم بۆ سنگی گەرمی باوێم بەهێز ،
ئەویش نازی دایکێتیم لێ بکا بە قین
بەڵام قینی دایکێتیی سەوز »

★ ★

لە بەردەممای وا وەستاوی ،
ئای چەند پاکی ، وەك ئاوریشمی سپی ، خاوی ..
ئا ئەمەتا دانەکانت .. ئەمە لێوی زۆر تەنکت
ئا .. ئەمە چاو دوو ئەستێرەی درەوشاوەن
وا ئەتبینم بە تەواوی .
هەتا ئەمە پرشنگی دوو کوڵمی تۆیە
ئەڵێی رۆژی هەڵهاتووە
قەنەوزەکەی تەڕ کردووە نەرمە بارانی ئێوارە ،

ئەمە خەندەی گەرمی تۆیە
گوڵە باخی پشکووتوە
لەرەی نەغمەی دوڵبەرێکی زۆر نازدارە
دایکە وا تۆی راوەستاوی
تۆم لێ دیاری •

★ ★

چاوم پڕ تیشکی تاسەیە
بە وێنەکەت گەشاوەیە
دڵۆپێ شەونمی ئەسرینی تاسەو خۆشی
نەك رووناکی وێنەکەتم لێداپۆشێ
دڵ خۆم ئەگوشم ،
پەخشان ئەکەم :
خۆشەویستیو هەستی خۆشی ،
یادگاری پڕ لە خۆشی
زیاتر دڵۆپی شووشەی ئەسرین
هەڵ ئەکوڵێ لەناو چاوا
لەژێر پێڵووی راوەستاوا
دێتو دەخزێ
کانی دەزێ ••
وێنەکەی تۆ پڕ بە چاوم پرشنگدارە ،
پێڵوو مەستو چاوەنوارە ••
کە لێکمدا چاو – بۆ تروکان –

بەسەر وێنەتمدا تروکان
ئای نەمزانی •• وێنەت وون بوو !
سێبەرێك بوو •• دایکی شیرین •

★

هەڵتدەگرم لە ئەسرینا
لە تەنیاییو نائومێدیی کۆڕی ژیندا •
خەونی شادیم ••
مایەی بوونو هاتوچوونم
بۆن خۆش کەری هەستو هۆشم
هەڵتدەگرم لە توێی دڵی زۆر بە جۆشم
هەر منالێك کە لە جەژنا بگری منم
هەر ئافرەتێك بە دڵسۆزی پێ بکەنێ
وێنەکەی تۆی تیا ئەبینم ••

شیوەنێکی بێناو بۆ دیوانەکەم

نەمردوو مردو مردوو مایەوە
مەرگێک بە جۆرێک دەنگی دایەوە

دەهۆڵی دۆڵو ئەشکەوتی گیانم
هەژاو دووبارە هاژەی نایەوە !

کاکڵ کە سووتا ، تۆکڵ بۆچییە
چۆن لەناو چەندا نەئەتوایەوە ؟

ئەو تیشکەی رەنگی ژینی دەبەخشی
نە رەنگ ما ، نە سەنگ..کە کوژایەوە.

سەرم سوڕماوە بۆ ئەو شمشاڵەی
کەڕووی هەڵهێنا داڕزایەوە

ئەو نەبوو دایکی ئاوازی وونبوو ؟
بۆ چ ئاوازی کەی لێنەدایەوە ؟

دیارە نەمر بوو ، بۆیە باوکەکەی
لە پاش مردنی (نەمێرد) مایەوە !

زەوی نـەزۆك بوو و كـانی ئەسـتێور
پاش ئـەو بـۆ گوڵێك هـەر نـەزایـەوە

من ئەمرم ، ئەمرم •• ئەمڕۆ بێ‌و سبەی
چاوم نامـرێ قـەت لـە دوایـەوە

خۆزگەم هـەر یەك جار چاوم بـە چاوی
كۆرپـە جوانـەكـەم بكەوتـایـەوە !

خۆلەمێشەكەم بـە فرمێسـكی چاو
ئەشـێلا ! ئـەگـەر بهـاتـایـەوە

تەنیا هەر ساتێك ـ خۆزگەم ـ گوڵەكەی
بـۆ دڵی زامـدار ئەگەشـایەوە

تـا یـادگـاری تێری دەكـردم
سـەری كـاس كردووم بەرئەدایەوە

١٩٦٦

سەماکەرو سەماکەری مردن

— ١ —

— ڕووناکیی سەر شانۆو ئاوازی گەرموگوڕ
شاباشی هاتنی فریشتەی سـەمانە
— تاریکیی بۆشاییو بێدەنگیی ساردوسڕ
بۆ مردن سەماگای نەدیوو پەنهانە
— هەنگاوی ناسکی شادییە ، هونەرە ،
(مردنیش پێی قورسی بەسامو گرانە)
هەر لەرەی ئەندامی وورشەیەو ئاوازە
پۆشاکی تەنکی لێواری ئاسمانە ،
دوو چاوی نەخشاوو برژانگی درێژی
جوانییە ، خەیاڵە ، مەستییە ، ژیانە
دوو باڵی کۆترەو گوڵباخی سپییە
پرشنگی ئارەزووی ڕەنگینی دڵانە
پەپوولەی سووک باڵی نەخشاوە هەڵدەفڕێ
دەستێکی ئەستێرەی خەیاڵی گەش ئەگرێ

دەستێکی ڕاهاتووی کەمانی دڵانە

— مردنیش پێی قورسی بە سامو گرانە
بێ گوێیە ، بێ هەستە ، بە سامو دزێوە
خەریکی سەمایە ، بەڵام ئاخ نەدیوە
داخەکەم هەر منم ، ئەبینم هەنگاوی
وا تێکەڵ هەنگاوی فرشتەی سەمایە !
هاوارکەم ؟ بگریەم ؟ ها ! • دەنگم دەرنایە •

— ٢ —

مەی ئاهەنگ هەتادێ کەللەمان دائەگرێ
سەمای خۆش چێن بە چێن تەلیسمی هەڵئەفڕێ
بەهەشتی تەماشا ڕازاوەو ڕەنگینە
مۆسیقا لەشکری شادیە •• گڕئەگرێ •

هەموو شت سەرمەستە •• سەماکەر بێپەروا
وا هەڵچوو ، پڕیشکی ئاگرە ، خولئەخوا ،
هەنگاوی ناڕێکی مردنی تێکشکان
بۆ ئەوەی لە شانۆ ڕۆژهەڵبێ ، ڕۆژی جوان •

ڕۆژهەڵات •• هەموومان شاگەشکەی شادی بووین
بە کێوی هونەری سەمادا هەڵئەچووین
سا چیتر قەرەتتۆی مردنم نەبینی

که شانۆ دابگرێ بە سەمای نەهینی
خاتوونی سەماساز ئەم ساڵو هەموو ساڵ
بە هەوای ئاوازا پڕ بە دڵ ئەینا باڵ .

— ٣ —

لە « سێرکا » پاڵەوان لە شوێنی بەرزەوە
کە دڵمان بەبێ هەست ئەخاتە لەرزەوە
کە بەسەر مردنا زاڵ ئەبێ ، بە سەد جۆر
پاداشتی ئەدەینێ : هاوارو چەپڵەی زۆر .

کە وون بوو ، ئەو ساتە چوزانین بۆ کوێ چوو ؟
ئەستێرەی ئاسمان بوو ، هەڵرژا ، وەك نەبوو !

— ٤ —

ئەو لەشەی کە دەتگوت رووناکیو گوڵاوە
وا لە ژێر پێخەفی مردنا گەچڵاوە
خەریکی نۆشینی تاڵاوی مردنە
سەرگێژی رابردوو و ژیانو خەوتنە
بەبێ کەس ، پاڵکەوتووی ژێر تیغی ئازارە
فرمێسك لە چاویا رەقماوەو بێزارە
لە نێوان تاریکیی ژوورەکە ، لە ناکاو
بای لەشێك رووناکی شانۆیەك کەوتە ناو
یەکێك هات ، شێتانە هەنگاوی هەڵئەبڕی

چ سەما ! دەماری ناو مێشکی ئەپچڕی

— « وانابێ • بیبڕەوە • نەخۆت کا و نە سەمات

وا من دێم سەماکەم ، تا دەمی رۆژهەڵات ! »

وای ووتو ڕاچڵەکی •• ئارەزووی سەمای کرد

لە یەکەم هەستانا ، تێك شکا ، ئنجا مرد •

١٩٦٦

هونەروەرێك
لەسەر نوینی نەخۆشی

کە هاتمە ژوور
ئەمدی دڵێك :ـ گوڵێکی سوور
هەڵڕژاوەتە سەر جێگاو دۆشەگی بۆر ،
ناوچەوانێك : دەریایەکی بە شلپو هووڕ
شەوێکی بە ماتی چڕاو
شەوێکی مات : لە ماتیدا
فیرنەگولەیەك ئەخوێنێ
باریك باریك ، بە ئاوازی دڵی بڕاو
چریکەی نزمی لەناو قوڵپی خوێنی دڵا
سەرهەڵدێنێ ..
ڕشتەی فرمێسکی هونەری
چاوی نازداران ئەپسێنێ !!

★

باڵی مەرگە سێبەر دەکا ؟

سەرنجی چاو هەڵئەگرێ
بۆ دوور ، بۆ دوور ..
تا جیهانی لێ وون دەکا ؟!
ئایا هەرگیز پەڕەموچی باڵی مردن
بەسەر دەریای یادگارا
کە لە شارو دێی ئازارا
گوزەر دەکا ...
پەڕەی ژینی بلوورینی دڵ تەڕ دەکا ؟
کە هەر مردن سێبەر دەکا
نائومێدی وەك سروشکی
نازدارێکی پەنجەت کردوو
ئایا شوێن پێ جێ ئەهێڵێ ؟
یان چەند رەنگێ ، شێوەو هێڵێ
لە نیگاری ئەم ژیانە
لەژێر پەنجەی ووردتدا ئایا سەر دەکا ؟
کە هەر مردن سێبەر دەکا ؟

★

من تەمەنی کورتی لاویم
کە بە ئازار رەنگ رێژراوە
لەناو تەمی تەڵخی چەرخا
گەر تروسکەی گەل نەبووبێت خۆی بۆ دەرخا
دڵم وەکو گوڵی خەزان تێك شکاوە :

« داد لە دەس مەرگ ! لە دەس رەنجی
تۆقێنەری کۆرپەی گەنجی
شکستە باڵ
کەوتوومەتە بەردەم هێزی
ئێستاش قورسی مردنی تاڵ . »
من یەکێکم ماتو خەمگین
چی نووسیومە : بەدو رەنگین
خۆ شیعر نین !
هەناسەیەک .. یان ئاهێکی پڕ لە سۆزو ئاواتی گەش
گوایا ئەبێ بە سۆزێکی بلوێری دەم جەلالەددین ؟
فرمێسکێکە .. نازانم کە کەی رشتوومە ؟
ئایا تێکەڵ بە فرمێسکی ئێوە بووە ؟
هەچ هۆنراوەی من ووتوومە
گەڵایێکە پاییز رەنگی لێ بردووە .

★

تۆ بەهاری گوڵی شیعری پڕشنگداری
ئەتۆ گەوهەر هەڵسەنگێنی
دێر زەمانی کوردەواری
با دڵت هەر بەهەشتێک بێ
سەماو ئاواز ، هیوای گەشو بڵێسەدار
بلبلو گوڵ هەزار هەزار ..
بە پڕشنگی گەلاوێژی بلیمەتیت

جۆش دەن ئاسمانی رۆژگار
تا تێبگەم سەرسامانە
چۆن سەرناکا لەژێر پەنجەی هونەریتا
کزترین هێڵ لە دیمەنی ئەم ژیانە •

✶

جا شایانی ئاسمانی قارەمانی
رۆڵەی خۆری هونەروەریو
هیوای دڵی مرۆڤانی
بەڵام چبکەم ؟ چی بڕوانم :
شەوو دڵو گوڵی پێچراو لە نوینی بۆر
ناوچەوانی : شەوێکی مات
دەریایەکی بە شڵپو هووڕ
قژی سپی لارکەوتووی خەم
چەن پێست نامەی تۆزاویو تەم •

١٩٦٢

لاشەی بێسەرو شوێن

کە چاوم کردەوە
لە دنیای ئاڵۆزا
تێهەڵچووم ، روو بە رووی گەرداوی
زەمانی دڵڕەقی بێسۆزا
نازانم ، گرەوم بردەوە
بەڵام هەر کە چاوم کردەوە
دیم لاشەم ئەسپێکی بێجڵەو
وا هەڵی گرتووە ..
دێ بە دێ
شار بە شار ئەمگێڕێ ،
ملی لار ، قاچی شل تەکەی دێ !
کوا یەکێ
لە کووچەو گەڕەکێ
لە لاشەم بپرسێ
لە لاشەم نەترسێ ؟
وام بەسەر ئەسپەوە زامدارم

چۆڕاوگەی خوێنەکەم بێخوڕەو بێدەنگە
تەنانەت لەو دەستەی کە بۆتە خوێنخوارم
بێ گوێیە ، بێدەنگە
نایناسێ
قەیناکا .. نەی ناسێ

★

وام لەناو بیابانا ،
تیشکی خوێ دروشمی سووتاندم
گەردەلوول وەك بڕبەند
سەرتاپای رووشاندم ،
ئەی ئەسپی بێجڵەو
سا بۆ کوێت رەتاندم ؟
من سنگم کە دەمی برینی والآیە
کانیاوی نزارو قەدپاڵی تێدایە
برینی شەماڵی ژێر سایەی ئاڵایە :
ئاڵایەك روو بە رووی گەرداوی
زەمانی ئاڵۆزا چەقاندم !

★

کە لاشەم لە خاك بوو
هەر کەسە پێیەکی لە لاشەم بەخوێن کرد
تا گەڕی شایی خۆی تەواوکرد

کە کەللەی مەستی مەی شەیتانی ناپاك بوو ،
دوای ئەوە مەی بڕا •••
تەپڵەکەی لێدرا ••
ڕووبەڕووی مردنی سامناك بوو ،
هەر کەسە بە بیروباوەڕم
کەوتە لاوانەوە •••
هەر کەسە بە قسەی شڕۆڵو ونجڕم
هاتە مەیدانەوە ••
مەیدانیان لێ پڕکرد ،
بە هەڵپەو دەستوبرد
بەڵام من ••
وا لاشەم نەك جارێ
هەر جارە بارانی ئاگری بەسەردا دەبارێ ••
با بە ناو جەنگەڵو دەوەنا
با بە ناو کارخانەو بازاری وەتەنا
دێ بە دێ
شار بە شار بمگێڕێ
ڕۆژێ دێ ، لە لاشەم بپرسن
لە لاشەم نەترسن

١٩٧١

مردنو دڵداری

بێ سەرەتا • بێ سەرو شوێن
دڵم بە خوێن
تەونی چیرۆکی تەمەنی خۆشەویستی
کە ئەتەنێ
مۆمێکی لاوازی بێناز
لە ژوورێکی کشو ماتا
بێدەنگ ، بێهاوار ، بێ ئاواز
هەر بە تەنێ
گڕی فرمێسک
دەمەیێنێ ، لە دامەنی
تاریکو تەڕی تەمەنێ •

★

سوارچاکێک بوو
لە مەیدانی دڵداریدا
لە ئاسمانی سەرگەرمی هەرزەکاریدا ،

له دوا هەوری زێڕینەوە
راوی پەری‌ی هیوای ئەکرد
بۆ رووی مانگی مانگ ڕوویانا
پەیژەی کوڵو سەودای ئەبرد
سەرگەرمی بەهاری لاوی
جۆشی دەروونی گراوی
له مەیدانی سوارچاکانا وازیی ئەکرد
بە هەڵبەستی
خۆشەویستی
خوای دڵداری رازیی ئەکرد
هەی داخەکەم بۆ رۆژانێ
بۆ چاوبڕکێ ، گەمە ، ژوانێ
بۆ بەستەیەك هەر خۆم بیڵێم
نابێ هیچ کەس پێی بزانێ :
« دنیای دواپەرژینو درزی زەق‌کردوو چاو
دوا چیغی سەربانو دەرگای
گاڵەدراو ..
جیهانێك بوو
تا چاو بڕکا سەوزیو بەراو !
جیهانێك بوو
تا سەر بیگرێ بیری کرژو دڕو ناکاو !
سەحرایەك بوو :

مێرگێکی تێراوی لەناو ! .
ئارامگا بوو .. لەرزەی ئەژنۆو
جیرەی جومگەو
خورپەی دڵی وێرانە بوو
وڕێنە بوو .. ئەندێشە بوو
خەمخانە بوو .

★

پەری‌ی خەیاڵ
سنگی سینی‌ی مەیخانەیە ،
شەیتان بە بازووی ئارەزووی
ستەمکاریی
ئەوا هەر خەنجەر دەژەنێ
لە لەشی نەرم‌و نازداری
— ئەی سوارەکەی پەناگرتوو
بگە فریای پەری‌ی کەوتوو !
— پەری‌ی چی ؟ هات‌و هاواری
هەوای
سەمای
ئارەزووە ،
ئاخ‌و داخی مووچڕکێکی
هەناوی گڕ تێبەر بووە .
ئازاری زامی خەنجەری

خۆشنوودی‌یە !
تەنیا بۆ تۆ
— ئەی سوارچاکی پەناگرتوو
مایەی کرژیی تەلی بیری بێ سوودیی‌یە •
سوارچاکەکەی ماتو غەمگین
سەری هەڵگرت بۆ دوور بۆ دوور ،
بۆ شەڕی ڕێکەوتی زەوی‌ی پانو بەرین
بەرەو سنوور •
سنوور چی‌یە ؟ نانە ، ژنە ، تێکوشانە ؟!
— با تێ‌کۆشین فەرشی زەویی هەموو گوڵ بێ
با نان گوڵو کەرەو هەنگوینی ناو دڵ بێ
ئەی ژن ؟؟
— ڕێگەی هاتو نەهات !
با سوارچاکێ سەری دێشێ
بۆ سەر چەلی ، بۆ کارەسات
وێڵ بێ ، ڕێگەی دێوان ببڕێ
تا سەرشاری « سنوور » ئەگرێ •

— ٢ —

سروشتم گرتە باوەشم
دای‌گیرساند گیانی منداڵم
خۆشەویستی‌ی
باوەشێك بوو بۆ باوەشم •

ووشەی تەڕی شەونمی سەر گەڵاکانی
پڕشنگێکی هەمە ڕەنگ بوو
بە بریقەی خست ، بریقەی ساوای
چاوی ڕەشم •
بەڵام سروشت ،
هەموو جوانی
هەموو نازی دیمەنو چاوەندازانی :
گردێك بوو •• گۆڕی دایکمی لێ دیار بوو
کە بەهار بوو ••
سەوزەگیای ڕۆخی گۆڕەکەی
زوڵفی ڕەشی گوڵاودار بوو •
کە پاییز بوو ••
پووشی زەردو دڕکی تیژی
دەوری پەرژینی ئەڤینی
لێ نەچەشتووی یادگار بوو •
لقی داری
چڵو پۆپشۆڕ ،
باسکی گردان ،
ڕاکشانی لەشولاری
ماتی ئەو بوو – لەشی ناو گۆڕ ! –
(سروشت ، دایك) •• (ژین و مردن)
لە دڵداریی سەرگەرمیما لەیەکم‌دان
لە دڵا تێکەڵم کردن !

ئەی ژیانی سەرەنجامی
مەرگ‌و ژینی فامی خامی
مناڵێکی دڵداری خواز !
بە کام گوڵاو پەپوولەکەی راکێش‌ئەکەی ؟
لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ ، بێ‌نیاز
وەك پەرێ دەی‌هێنی‌و دەی بەی ؟
من دڵداری دڵی ماتی ناو تاریکیم
بۆیە بێ‌هەستی ئەنجام بوو ـ ئاخ ! ـ خەریکیم
بە بۆنی هەڵاڵەی گوڵان
لەم چڵ بۆ ئەو چڵ .. بێ‌ووچان .

★

درزی دەرگا
شەرمی جێگا
ووشانەوەی کانی‌ی نازی سەرەتاکەم
لە دارستانی ساماناکا
جڵەودار بووم ، نەم دەتوانی بۆ کوێ راکەم !
پەپوولەی گێل
نەشنەی گیان ،
نە ئەو ساتەی بارتەقایە بە هەموو سات ،
هەموو ژیان !
نیگای چاوی
لە داوێن‌و نزمی‌یەوە

هەڵ نەکشاند ،
تا بڕوانێ بۆ .. ئاسۆی گیان
ئاسۆی پاکیو وەرزی لاوی

— ٣ —

با مەرگو ژین ، کە سیبەرو کە هەتاوە
سێبەر : قووڵیو ماناو رازە
گڵەکەی گۆڕی شێداری
دایکو رووگەی رازو نیازە ،
نیشتمانە .
کام نیشتمان ؟
مشتە خۆڵی ژێر چەپۆکی دووکەڵاویو
ژەهراویو ژان ،

★

سێبەر نەك تاو
مەرگ نەك ژین
دەتپەرستی دڵداری مەرگ !
ئەی گۆڕ ، ئەی جوانی
وەی هەستێ
لە ناخی گیانم هەڵدەستێ
تۆم لا جوانی
ئەی نازداری قوڕو خوێنو دنیای تاریك
قوربانت بم ، بە قوربانی ...

منی بێ تۆ ،
بێ لانەی تۆ
دوور و بیانی ٠

★

لە گوزەرو کووچەی شارێ
کام چاوی رەش بۆم ئەنوارێ
هەر هەتاوە ،
گیانی بێ سێبەرو خاوە ٠
— من بێگانەم
من هەژاری بێ زمانو خانو لانەم
سەوداگەری لاشو لارم
من کڕیارم !
— بەڵام کڕین لای دڵداران رسوایی‌یە
بێ باوەڕی ، بێ سەرەتاو بێ دوایی‌یە :
سەرەتا ؟
بێ خورپەی خەستی هوشیاری‌یە !
دوایی ؟
ئاوریشمی سەردڕکی
وونیاری‌و نادیاری‌یە
لە نێوان کاتو ناکاتا
لە نێوان ژینو نەبوونی کشو ماتا !!

بەڵام باوەڕ ،
با خۆرشتی
ڕێگەی گەشتی تەنیایی بێ ،
لە سەرنجی دامەنەوە
هەڵکشانی تێڕوانینی باڵایی بێ
بۆ ئەو خەڵکەی لە سێبەر دان ،
لە سێبەردان ،
لە ژێر سایەی وەك مس قورسی
گۆڕستان دان .
بۆیە لای دڵداری شەیدای من ئاسایی
جوان بوون ، جوان بوون !
بۆیە ڕێگەی مەرگم لەلا ڕێگای ژین بوو
بۆ قوربانیو سەردانانی ڕێ شایان بوون .
خۆشەویستی بەزەبرو بەجەرگم دەوێ
با هەر بڵێین مەرگی دەوێ ! مەرگم دەوێ !
کەوا شۆرش ڕێی دڵداریو ڕێی ژیانە
کەوا ڕێگەی دڵداریو ژین ڕێی شۆرشە ،
ڕێی دڵو بیر ڕێی ژیانە
ڕێگەی مەرگە ، مەرگی جوانە .

ماڵ ئاوایی

پەپوولەی دڵ
لەسەر کوڵمەی
گوڵی ئێوە دەبێ هەستێ !
ئەزانم کاتی لێکبوونە
بەڵام فرمێسکە ناوەستێ .

* * *

زمانم لاڵ ئەکا بۆ دەربڕینی
هەستی پڕ جۆشم ،
ئیتر ئارام
مەگەر پردێک
لە ئەم نێوانە هەڵبەستێ .

* * *

لە قووڵایی دەروونا
دەرپەڕی

ئارامی سووتاوم ،
چ هیوایەك
ئەبێ هێزێکی وەك جارانی تێ‌پەستێ ؟

★ ★ ★

لە پاش ئەم پێك‌گەیینە
دەردی دووری ئێوە وا سەختە
وەکو لافاو
گوڵی دڵ ، قەت
بە زەبری هێزی ناوەستێ !

★ ★ ★

گوڵاوی خۆشەویستی ئێوە پەخشانە
وەکو پرشنگ :
لە هەر چاوێ ..
لە هەر سنگێ ..
لە هەر لێوێ ..
لە هەر دەستێ .

★ ★ ★

وەڵامی ئێوە
ـ داماوم ـ
بە هەڵبەستێك تەواو نابێ

به تەنیا چۆن
هەڵی ئەگری
تەنی لاوازی هەڵبەستێ ؟

* * *

لە دوور ڕا
ڕاتەکێنن دەستەسڕتان ،
وا لە دەریادا
وەکو (چارۆگە)
کەشتیی دڵ ئەبا
ئەڕواتو ناوەستێ .

پێڕست

	لاپەڕە
ئەم کۆمەڵە هەڵبەستانە	٥
بۆ ئافرەتان	١١
بۆ ماریلین	١٤
ئیش	١٩
دوکانەکەی مام حسین	٢٣
برسیەتیو جوانی	٢٦
ســـــاوی	٣٠
بەرەو پاییز	٣٣
دارســـــتان	٣٩
دەســـتار هاڕ	٤٥
ئەستێرەی کز	٤٩
گیران	٥٢
دەست وەشانێك	٥٥
ئەسپی والی	٥٩
مەرگو منداڵ	٦٣
مردنی جوان	٦٥
شیوەنێکی بێ ناو	٦٩
سەماکەرو سەماکەری مردن	٧١
هونەروەرێك لەسەر نوینی نەخۆشی	٧٥
لاشەی بێسەروشوێن	٧٩
مردنو دڵداری	٨٢
ماڵاوایی	٩١

رقم الايداع في المكتبة الوطنية بغداد
(٤٧٤) لسنة ١٩٨١

الجمهورية العراقية

وزارة الثقافة والاعلام

دار الثقافة والنشر الكردية

سلسلة الشعر (١٩)

ديوان البنفسج

شعر

عبد الرزاق بيمار

دار الحرية للطباعة | تصميم الغلاف شكر جاسم

توزيع الدار الوطنية | السعر [redacted]